# باوان و منداڵان



**نوسینی : لیو تۆلستۆی**

**وەرگێڕی لە ئینگلیزیەوە : ئەکەرەم قەرەداخی**

هەفتەی پیرۆزی بەخێرایی هات ، خەریك بوو کاتی بەکارهێنانی گالیسکەی سەرسەهۆڵ بەسەربچێ ، تا ئێستاش تۆپەڵە بەفر لەم لاولاوە هەرماوە ، یا لە توانەوەدایە و بەرەو شەقامی گوندەکە دێن ولەو چاڵاییەی کە کەوتۆتە نێوان هەردوو کۆڕەپانی گوندەکەوە گۆماوێکی گەورەی پێکهێناوە .

لەم دوو کۆڕەپانەوە ، دوو کچی بچوك دەرکەوتن ، کە یەکێکیان لەوی دیکەیان کەمێك گەورەتر بوو ، دایکی هەریەکەیان تازە جوانترین بەرگی لەبەرکردبوون ، بچوکەکەیان دایکی بەرگێکی شینی لەبەرکردبوو ، گەورەکەش دایکی بەرگێکی زەردی کاڵی لەبەرکردبوو ، هەریەکەشیان لەچکێکی سوری کردبوو ، دوای نان خواردن لەماڵ دەرچوون و لەم لاولای گۆماوەکەوە راوەستان ، لەپێشدا هەریەکەیان ئەوی دیکەی بانگکرد بۆئەوەی بەرگە جوانەکەی ببینێت .. لەپاشدا دەستیان کرد بە یاریکردن ..

وا بەبیریاندا هات کەبچنە ناو گۆمەکەوە ، لەپێشدا بچوکەکەیان چوو بە بەرگ و پێڵاوەکانیەوە خۆی کرد بەگۆمەکەدا ، گەورەکەیان هاواری لێکرد : « ماڵاشا ... ماڵاشا وامەکە ، ئەگینا دایکت لێت ئەدات ، لەپێشدا پێڵاوەکانت دابکەنە ، وامنیش دێم ..» ئەوسا هەردووکیان پێڵاوەکانیان داکەن و کراسە کانیشیان هەڵکرداو هەردوو لاوە چونە ناو ئاوەکەوە ، ئاو تا قولەپێی ماڵاشا هاتبوو ، بۆیە قیژانی : « ئەزانی ئەکۆلکا ئاوەکە قووڵە من زۆر ئەترسم » ئەکۆلکا وتی : "ئەخێر ئیتر لەوە قووڵتر نابێت ، ئەوە هەموو قووڵیەکەیەتی وەرە بۆلای منەوە .." ئەوسا هەریەکەیان لەوی دیکە نزیک بوەوە ئەکۆلکا وتی : لەسەرخۆ ماڵاشا ، لەسەرخۆ بڕژەی ئاوەکەم لێمەدە لەسەرخۆ بڕۆ ..." هەر لەم قسانە نەبوەوە ، کە مالاشا بەقاچی شەقی لە ئاوەکە هەڵدا هەمووی بەسەر بەرگەکانی ئەکۆلکادا پرژان و بەقوڕولیتە سواغی دا ، تەنانەت گەیشتە چاووگوێشی .. ئەکۆلکا لەسەر ئەمە زۆر لەماڵاشا تورەبوو بەرەو رووی رایکرد بۆئەوەی لێیبدات .. بەلام مالاشا هەر کەدی چی لەئەکۆلکا کردوە زۆر ترسا و یەکسەر لەگۆمەکە رایکردە دەرەوە و بەرەو ماڵەوە چوو ، وا رێکەوت دایکی ئەکۆلکا لەرێگاوە ئەرۆیشت چاوی بەکچەکەی کەوت چی بە سەرهاتووە بۆیە قیژانی بەسەرا « بەچی وات لە خۆت کردووە گچە بەدفەڕەکەم » ، کچە بچوکەکە وتی : "ماڵاشا قورو لیتەی بۆهاویشتم بەئانقەست وای لێکردم" دایکی ئەکۆلکا ، ماڵاشای گرت و یەك زلەی تێسرەواند وایکرد کەهەموو شەقامەکە پربکات لەگریەو هاوار بۆیە دایکی لەدەنگی کچەکەی هاتە دەرەوە و بەتوڕەییەوە قیژاندی بەسەر دراوسێیەکەیدا "بۆلەکچەکەم ئەدەیت بۆ ؟! "

ئیتر هەردوو ئافرەتەکە دەستیان کرد بەجنێودانی یەکتری ، جوتیارەکان لە کوخەکانیانەوە دەرپەڕین و لە دەوریان کۆبونەوەو ، هەموو بەجارێك هاواریان ئەکرد کەسیش گوێی لێنەبوو چی ئەلێن و ، ئەوەندەی ئەمابوو شەڕ لەنێوانیاندا دروستبێت . ئالەوکاتەدا ئافرەتێکی پیر دەرکەوت کە ئەنکی ئەکۆلکابوو و بەرەو ناوەڕاستی جوتیارەکان هات و بە نارەزاییەوە قیژاندی "ئەی خەلکی بەشەرەف ئێوە ئاوا دەکەن لە هەفتەی پیرۆزیدا .." بۆ ئێوە شەرەفمەندیە کە سوپاسی خوا بکەن نەك لەدەوری شەڕێکی وا کۆببنەوە .." بەلام جوتیارەکان هەرگوێشیان لێ نەگرت و خستیانەلاوە .

کاتێك کەهەموو خەریکی شەڕو جنێو بوون ، ئەکۆلکا چوە ژورەوەو بەرگەکەی وشككردەوە و ئەوسا جارێکیتر بەرەو گوماوەکە چوو ، بەردێکی بچوکی تیژی گرت بەدەستەوە و دەستیکرد بە هەڵکەندنی زەویەکە بۆئەوەی جۆگەیەکی بچوکی لێ هەڵکەنێت لەکاتێکدا ئەم خەریکی ئەمەبوو ، ماڵاشاش بەرەو رووی هات و دەستیکرد بەیارمەتیدانی لە هەڵکەندنەکەدا بەهۆی پارچە تەختەیەکەوە . تائەوکاتە جوتیارەکان لەدەمەقاڵێ دابوون کەلەپڕ ئاوەکە بەخوڕم ڕژایە ناو ئەو جۆگە بچوکەی هەردوو کچەکە هەڵیان کەندبوو و بەخێرایی بەرەو ڕووی جوتیارەکان کشا هەردوو کچەکەش بەتەنیشتی جۆگەکەوە هاتن بەرەو رویان ئەکۆلکا وتی : "ماڵاشا ماڵاشا بەسە" ماڵاشاش ویستی شتێك بڵێ بەلام ئەی توانی ئەو پرمەی پێکەنینەی پەنگی خواردبوەوە تیایدا دەری نەپەڕێنێ .. ئیتر هەردوو کچەکە ڕایان ئەکردو بەوپارچە تەختەیە پێ ئەکەنین کەوەك بەلەم بەناو جۆگەکەدا ئەڕۆیشت و گەیشتە ناوەراستی جوتیارەکان ، هەر کە ژنەپیرەکە ئەمەی دی ڕووی کردە هەردوو ژنە شەڕکەرەکەو وتی : "ئێوە کەمێك ڕێزی خوا ناگرن ؟!!" ئەوە ئێوە بەهۆی ئەم دوو کچە بچوکەوە شەڕ ئەکەن ، لە کاتێکدا ئەوان دەمێکە لەبیریان چۆتەوە ، ئەوەتا بەیەکەوە بەخۆشی و بەختیاری یاری دەکەن بەخوا ئەوان لەئێوە ژیرترن » هەردوو ژنە شەڕکەرەکە سەیری دوو منالە بچوکەکەیانکرد و لەخۆیان بەشەرم هاتن ، لەکاتێکدا هەموو جوتیارەکانیش دایانە پرمەی پێکەنین و بەبێهۆشی خۆیان تەریقی گرتنیو بەکوخە کانیاندا بڵاوبونەوە .

سەرچاوە :

The World's classics :

— STORIES —

by : Leo Tolstoy pp 201 — 204 London .